

## ئەی وێنەکێش من کچێکم تێپەڕ

ڕۆژ هەڵەبجەیی

لای ئێوارەیەکی سۆعبەت چییەوە هاتووم،
لە بازگەی دڵشکانەوە باز ئەدەم و تێدەپەڕم،
دەچمەوە سەر چەمێکی پایزی کەدەزانم لەرۆحا لەیەکتری نزیکین
ئەو لە تەریقبوونەوەی هاژەیدا دەگاتە خەتمبوونی کەنار....
من لە تەریقبوونەوەی تەنیاییمدا دەچمەوە سەر ئولفەت بوونی یار...
کە من دەگەمە قەناعەتنتێپەڕ بوون
هەموو کەلوپەلی ناو ژوورەکەم نابینا
پەنجەرە موتاڵای تاریکی و
کەنتۆر شەو قەد دەکا و
سیسەم باوێشک ئەدا..
.نازانن درەختێک هاتۆتە ژوورەکەم
پیاسەی بادەشێلێ و بە حیکایەت شەو ڕەنگ دەکا!!
تۆ ئەی حیکایەتەکانی من لە زیندانی ناخما زیندان...
تۆ ئەی لوغمی نهێنی لە قەراغ تینوێتی تەقینەوە
من نیشتەجێی چیرۆکێکم تێپەڕ...
بەهانەیەکم نییە بۆ کلۆمدانی شەو،
کلیلێک شک نابەم بۆ کرانەوەی چاوەڕوانی...
من ئاشنام بە تەلیسمبوونی تێپەڕ
لەو پەڕی قاچاخبوونی ئاسودەییەوە هاتووم...
من چاوەڕوانیم دەهری بوو،
کە خامۆشیم بەست لەهاوارەکانم،
کە گەشتمەحزووری جەدەلەکانی تۆ...
تۆ ئەی وونترین یار
بیستومە لەپردی خەیاڵە ئاوییەکانتەوە
دەپەڕێیتەوە بۆ دەفتەری وێنە کێشان....
وەرە ئەم ژوورەم ڕەنگکە کە پڕە لە وونبوونی خۆم....
ئاگادار بە گەر ڕەنگی خۆڵەمێشیت دی،
تۆخی مەکە نەوەک لە ناویا
پێکەنین بدڕێ و
هەنسکی گریانێک لە دەمارەکانیا لەت بێ....
وەرە وێنەیەک بکێشە ...تیشک قاچ درێژکا بۆ سوراحییەک ئاو
تاڵە موویەکی پرچم موتوربە بکە،

لە گەڵا و ڕەشەبا....
چونکە هەندێک جار درەختەکان
گەڵا دەکەنەشەپقەیەکی شەل و
ڕەشەباش بە بۆینباخێکی شێواو....
* * *
من هەموو رۆژێک خەیاڵێکم لێدەکەوێت...
نازانم دەچنە کۆلانی خۆشبەختی یان خامۆشی
من ئەوەندە سەرقاڵم لە مەحەبەتی تۆ
جەنجاڵیم پشتی ژان دەکاو
تەنیاییم تلاوتل....
عیشق ناچێ بۆ ماڵی پرسیار...
تۆ چ پرسیارێک دەکەی ئەی وێنەکێش؟!
عیشق پێویستە دڵنەوای بکەیت،
کە دائەنیشێ و داڵغە دەچنێ،
ئەبێت پێی بڵێی زەمەن، مەرگ
لە خوار پێیەکانتەوە نووستوون....
عیشق واتە درەوشانەوە....
لە دڵۆپێک ئاو
لە تنۆکێک ڕووناکی
لە فەنەری فرمێسک و
لە چوار ڕیانی ڕۆح...!!
لە هەژارکەوتنی هزرمدا کەئیتر
دەکەومە سەر ساجی عەلی....
منیش دەمەوێ خەونێ قەرز بکەم،
ببمە وێنەکێش....
تۆ وەفا ڕەنگ دەکەی لە بێدەنگی هاوار،
من مناڵی سێوەکان لە باخی خەیاڵ....
تۆ مانگ دەکەیتە حەرەس بۆ شەوی پەردە،
هەتا چڵە گیایەک بچێتەوە سەر ئۆفی ئۆرگازم....
من گومان و گیانەڵڵاو گریان،
بە خەم ڕەنگ دەکەم،
تا بچنەوەسەر دڵۆپێک دالی خۆم
* * *
ئەی موحیبەترین مەخلوق
مەهێڵەئەم تەنیاییەم بچێتەوە خەرابستان...
ئەوە چراوگی چرای تۆیە
دەرژێتە هەوا تەڵخەکانی من
ئەوە عەتری قسەکانتە،
دەرژێتە بیرەوەری ترش و تاڵیم...
من لە دڵێکی نابیناوە دەگەمە سواغدانی مەحەبەت....
مەحەبەت واتە:موستیلەی تیشک لە پەنجەی تاریکی،
گزنگێکی گەنجە لە گەڵایەکی کەسیرە..
سڵاوی پەروانەیەکە لە چرایەکی مەلول
گۆرانی گوڵێکە لە میلۆدیای بولبول.

شەرابی مەستێکە لە فەنا بوونی ترێ....
سەخاوەتی ئێوارەیەکە لە نووچدانی شەو...!!
ئەی وێنەکێش لەم تەنهاییەم کەم مەکەرەوە
با بەکاو لاشی بیرەوەرییەکانما ڕۆنەچم و
نیگەرانی کۆبکەمەوە....
من کە باخچەیەک ڕەنگ دەکەم،
بۆنی گوڵ چەپڵە لێ ئەدا...
کە تەنهایی ڕەنگ دەکەم،
دڵی بەرد لێم دەگا...
کە گەڵا رەنگ دەکەم،
جریوە کراسی ئاسمان دەچنێ....
کە قۆپچەی کراسەکەی ئاسمانیش ڕەنگ دەکەم،
ئاوێزە هەڵدەقوڵێ و
مانگ ناچێ بۆ مەلەوانی،
حەوسەڵەی ڕووبارێک بشڵەقێ.....
ئەی وێنەکێش کە تۆش ڕەنگ دەکەم،
بە خەیاڵێکی تەجرید
چین ،چین بەختەوەری لە دڵما نوێژ دەکا...
تۆ چیت ئەی وێنەکێش لە گروپی تێنەپەڕی یان تێپەڕ؟!
تەماشا من لەگروپی تێپەڕم بێ باک لە ڕەهابوون....
بە ناو دیوارێکدا دەڕۆم،
هەر چوار پەلی زیندان....
بە ناو هەورێکدا دەڕۆم،
چوار چێوەی لە باران....
بە ناو حەوزێک ئاودا دەڕۆم،
ماسییەکانی نغرۆی شوشە بەند...
بەناو شەهید بوونی شەقامێکدا دەڕۆم،
پێیەکانی لەو دیو عەدەم.....
من لە گروپی تێپەڕ بەڵام کە دەگەمە تۆ،
تێنەپەڕ...سەرم دەبەستم بە پرسیارێکی قەڵەمی و
دڵم بەملپێچی با..
من لە گروپی تێپەڕ ...ئەرێ ئەم مەرگە کە تێپەڕ بێ چەنی ئەوێ بۆ ژیان!!
کە ئاگر ڕەنگ دەکەم،دڵم دەداتەوەو دەڵێ:
بە کۆکردنەوەی پێکەنین،
دەگەینە گریانی ئاو...
بە درێژ کردنی هەنگاو،
دەگەینە پرچی هەتاو..
گەر بە ڕووباری ئاسمانیشدا بفڕین،
بە بەچکە ماسییەکانی دەڵێین سڵاو...
من لە گروپی تێپەڕ ئەی وێنەکێش
تەماشا باران ...باران کە تێپەڕە،
بەدێری کراسەکەمدا دەڕواو
ژێرکراس و ستیان ژێر دەکاتەوەو
پێم دەڵێ:ئەرێ تۆی تێپەڕ گەر بزانی

به چەند گۆچانی ئەم شەپۆلانەم
دەگەمەوە گەروی گوڵ...
بە چەند پێستی با،
دەچمەوە خانەوادەی ئینجانە؟؟
من کچێکم تێپەڕ...
پێکەنین هەڵدەکەم و
باڵندە دائەگیرسێنم و
گۆرانی دەکەمە بەر
بەڵام کە دەگەمە تۆ تێنەپەڕ...
تۆ بە ناوشەقامە تەڕەکانی قەسیدەمدا ڕۆشتی و
تەڕ نەبووی...
بە ناو گۆمی چرکە چرکەکانی دڵمدا ڕۆشتی و
شێدار نەبووی....
بە ناوهەڵمبوونی هەستما رۆشتی و
لە خێڵی هەور نەبووی...
ئەم تەرازووە لاسەنگ دەبێ
من کچێکم تێپەڕ....
ئاخر کە دڵی شەو پڕ دەبێ لە زوڵمەت و
تاریکی تۆخ دەبێ بە کوێر بوون...
ڕووناکی چ خەوێک دەبینێ؟!
کە شەمەنەفەرێک لە وێستگە دەرئەچێ،
ڕێگا هەر قسەیەک بکا
چ مانایەک دەبەخشێ؟!
ئەی وێنەکێش من کچێکم تێپەڕ...
کە دەگەمە ئاستانەی تۆ و هەر وێنەیەک،
بکێشم لە تۆ دەکاو
لە تۆ زیاتر تێنەپەڕ...!!

**2010\1\14**
**سلێمانی**